لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن

- ناوی کتێب:  هەڵبژاردن لە کوردستان  ١٩٩٢ – ٢٠١٤
- نـوسەر: محەمەد رەئوف
- بـــابەت: لـــێکۆڵینەوە
- نەخشەسازی بەرگ: ئارام عەلی
- دیزاین: هەڵمەت محەمەد
- پیاچونەوەی: چۆلی ئەسعەد
- شوێنی چاپ: چاپخانەی ناوەندی سارا – سلێمانی ٢٠١٨
- نۆرەی چاپ: چاپی دووەم زیادکراو
- تیراژ: ٥٠٠دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١١٧٢ )ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

## یەکەم / هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٣/٩/٢١

پرۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١ لەدوای ساڵی ١٩٩٢ و خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، یەکەم خول بوو کە تەواوی هێزە سیاسیەکان هەریەکە و بە لیستی سەربەخۆ و جیا بەشداری هەڵبژاردنیانکرد، ئەمەش روونتر پێگەو سەنگی هێزەکان دەردەکەون، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە ٢٠١٣/٩/٢١ بەرێوەچوو، تیایدا ( ٣١ ) لیست بەشداریان لە پرۆسەکەدا کردوو سەرەنجام ( ١٧ ) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن.[١]

لەو هەڵبژاردنەدا، ( ٢٦٥٣٧٤٣ ) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، ژمارەی دەنگدەری درووست (١٩٧٨٣٨٢) کەس دەنگیاندا بەرێژەی ( ٧٤,٥٪) بەهای کورسیەك بەبێ دەنگی کۆتاکان (١٩٥٢٠) دەنگ بەوپێیەی دەنگی درووست بەبێ کۆتاکان ( ١٩٥٢٠٩٣ ) کەس بووە، تیایدا هەڵبژاردنەدا ( ٩ ) لیستی گشتی و ( ٨ ) لیستی کۆتاکان توانیان کورسی بهێنن و بچنە پەرلەمانەوە، تیادا لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان (٧٤٣٩٨٤ ) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (٣٨,١٪ ) و ( ٣٨ ) کورسی بەدەستهێنا و لیستی گۆڕان(٤٧٦٧٣٦) دەنگ و بەڕێژەی (٢٤,٤٪ ) و بەدەستهێنانی (٢٤) کورسی، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٣٥٠٥٠٠) دەنگ و بەرێژەی (١٧,٧٪ ) و بەدەستهێنانی ( ١٨ ) کورسی و لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی (١٨٦٧٤١ ) دەنگ و بەرێژەی ( ٩,٦٪) و بەدەستهێنانی ( ١٠ ) کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی (١١٨٥٧٤ ) دەنگ بەرێژەی ( ٦,١٪ ) و بەدەستهێنانی ( ٦ ) کورسی و بزووتنەوەی ئیسلامی (٢١٨٣٤) دەنگ و بەرێژەی ( ١,١٪ ) و بەدەستهێنانی ( ١ ) کورسی و حیزبی سۆسیالیست (١٢٥٠١) دەنگ و بەرێژەی ( ٠,٦٪ ) و بەدەستهێنانی ( ١ ) کورسی و لیستی ئازادی (١٢٣٩٢) دەنگ و بەرێژەی ( ٠,٦٪) و بەدەستهێنانی (١) کورسی و ئاراستەی سێیەم (٨٦٨١) دەنگ و بەرێژەی ( ٠,٤٪ ) و بەدەستهێنانی ( ١ ) کورسی. سەرەڕای ئەوەش کۆتاکانیش (٨) لیستیان کێبەرکێیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی (١١) کورسی لە پەرلەمانی کوردستان.

## خشتەی ژمارە ٤٣

| ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی قەوارە و لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
| ١١٠ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٤٣٩٨٤ | ٪٣٨,١ | ٣٨ |
| ١١٧ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ٪٢٤,٤ | ٢٤ |
| ١٠٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٣٥٠٥٠٠ | ٪١٧,٧ | ١٨ |
| ١٠٥ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٨٦٧٤١ | ٪٩,٦ | ١٠ |
| ١٠٤ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٨٥٧٤ | ٪٦,١ | ٦ |
| ١٠١ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٢١٨٣٤ | ٪١,١ | ١ |
| ١١١ | حیزبی سۆسیالستی کوردستان | ١٢٥٠١ | ٪٠,٦ | ١ |
| ١٠٧ | ئازادی | ١٢٣٩٢ | ٪٠,٦ | ١ |
| ١١٥ | ئاراستەی سێیەم | ٨٦٨١ | ٪٠,٤ | ١ |
| ١٢٦ | لیستی رافیدەین | ٦١٤٥ | | ٢ |
| ١٢٧ | تجمع كلداني السرياني الاشوري | ٥٧٣٠ | | ٢ |
| ١٢٤ | قائمة التقدم الترکمانی | ٥٢٥٩ | | ٢ |
| ١٢١ | قائمة اربيل الترکمانی | ١٩٥١ | | ١ |
| ١٢٠ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١٩٢٦ | | ١ |
| ١٢٢ | الجبهة التركمانية العراقية | ١٧٥٣ | | ١ |
| ١٢٥ | ابناء النهرين | ١٠٩٣ | | ١ |
| ١٣١ | بروانت نيسان ماركوس | ٥٣١ | | ١ |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ١٩٥٦٣٣١ | | ١١١ |

## دووەم/ لە نێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و ٢٠١٣ دا

لە ماوەی نێوان خولی یەکەم ١٩٩٢ و خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٣ کە ماوەی ٢١ ساڵ دەکات ئەگەرچی گۆڕانکاری گەورە لە نەخشەی سیاسی هێزەکاندا روویانداوە، ئەویش بەهۆی درووست بوونی شەڕی ناوخۆ و دواتر درووستبوونی دوو ئیدارەیی و پاشان بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی عێراق و هەروەها درووستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، ئەمانە هەموو کاریگەریان لەسەر ئەنجام و دەنگی هێزەکان هەبوو.

لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردنەدا، دەکرێت بەراوردی تەنها ئەو هێزانە بکرێت، کە لە هەردوو پرۆسەکەدا بەشداربوون، ئەوانیش ( یەکێتی، پارتی، بزووتنەوەی ئیسلامی، شیوعی، سۆسیالیست ).

سەبارەت بە کورسیەکان پارتی دیموکراتی کوردستان ٥٠ کورسی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٥٠ کورسی و هەریەك لە بزووتنەوەی ئیسلام و سۆسیالیست و شیوعی، کە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بەهۆی رێژەی ٧٪ ەوە کەسیان کورسیان نەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣ هەریەکی ١ کورسیان هەیەو پارتی ٣٨ کورسی هەیە لە خولی چوارەم واتا ١٢ کورسی کەمیکردووە و یەکێتی ١٨ کورسی بەدەستهێناوە لە خولی چوارەم واتا ٣٢ کورسی کەمیکردووە لەماوەی ٢١ ساڵی نێوان چوار خولی پەرلەمانی کوردستان.[٣]

**خشتەی ژمارە ٤٤**

| بەراوردنی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی لیست | هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | | هەڵبژاردنی ٢٠١٣ | | |
| | ژ.دەنگ | ڕێژە | کورسی | ژ.دەنگ | ڕێژە | کورسی |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٧٩ | ٪٤٥,٠٥ | ٥٠ | ٧٤٣٩٨٤ | ٪٣٨,١ | ٣٨ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | ٪٤٣,٦ | ٥٠ | ٣٥٠٥٠٠ | ٪١٧,٧ | ١٨ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ٤٩١٠٨ | ٪٥,٠٥ | ٠ | ٢١٨٣٤ | ٪١,١ | ١ |
| حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٢٤٨٨٢ | ٪٢,٥٦ | ٠ | ١٢٥٠١ | ٪٠,٦ | ١ |
| حزبی شیوعی | ٢١١٢٣ | ٪٢,١٧ | ٠ | ١٢٣٩٢ | ٪٠,٦ | ١ |

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان خولی یەکەم و خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری لە دەنگ و کورسی لایەنەکاندا دەبینرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢ دا (٤٣٧٨٧٩ ) دەنگی هەبووە بە ڕێژەی (٪٤٥,٠٥ ) لەگەڵ ( ٥٠ ) کورسی پەرلەمان، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٣ دا (٧٤٣٩٨٤ ) دەنگ بەڕێژەی (٪٣٨,١ ) لەگەڵ ٣٨ کورسی، واتا لە نێوان خولی یەکەم و چوارەمی پەرلەماندا پارتی دیموکراتی کوردستان ( ٪٦,٥ ) کەمیکردووە و کورسییەکانیشی ( ١٢ کورسی ) کەمیکردووە.

هەرچی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢ دا (٤٢٣٨٣٣ ) دەنگی هەبووە بە ڕێژەی (٪٤٣,٦) لەگەڵ ( ٥٠ ) کورسی پەرلەمان، بەڵام

لە خولی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٣ دا دەنگەکانی بووە بە (٣٥٠٥٠٠ ) دەنگ بەرێژەی (١٧,٧٪) لەگەڵ ١٨ کورسی، واتا لە نێوان خولی یەکەم و چوارەمی پەرلەماندا پارتی دیموکراتی کوردستان ( ٢٦٪ ) کەمیکردووەو کورسیەکانیشی (٣٢) کورسی کەمیکردووە.

هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢ دا (٤٩١٠٨ ) دەنگی هەبووە بە رێژەی (٥,٥٪) کورسی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٣ دا دەنگەکانی بووە بە (٢١٨٣٤) دەنگ بەرێژەی (١,١٪) لەگەڵ ١ کورسی، واتا لە نێوان خولی یەکەم و چوارەمی پەرلەماندا پارتی دیموکراتی کوردستان ( ٤,٤٪ ) کەمیکردووەو، بەڵام کورسیەك زیادیکردووە.

سەبارەت بە حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢ دا (٢٤٨٨٢) دەنگی هەبووە بە رێژەی (٢,٥٦٪) کورسی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٣دا دەنگەکانی بووە بە (١٢٥٠١) دەنگ بەرێژەی (٠,٦٪) لەگەڵ ١ کورسی، واتا لە نێوان خولی یەکەم و چوارەمی پەرلەماندا پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٪ ) کەمیکردووە، بەڵام کورسییەك زیادیکردووە.

سەبارەت بە حیزبی شیوعی، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢ دا (٢١١٢٣) دەنگی هەبووە بە رێژەی (٢,١٧٪) کورسی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٣دا دەنگەکانی بووە بە (١٢٣٩٢) دەنگ بەرێژەی (٠,٦٪) لەگەڵ ١ کورسی، واتا لە نێوان خولی یەکەم و چوارەمی پەرلەماندا پارتی دیموکراتی کوردستان (١,٦٪ ) کەمیکردووە، بەڵام کورسیەك زیادیکردووە.

## سێیەم/ دەنگی کۆتاکان

لە هەرێمی کوردستان و لە پرۆسەی هەڵبژادن و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، کورسی تایبەت دیاریکراوە بۆ پێکهاتەکان بەتایبەتیش (تورکمان، مەسیحی، ئەرمەنی)، زۆرجار کورسی ئەو پێکهاتانە لەلایەن حزبە باڵادەستەکانەوە قۆرغکراون و لایەنگری خۆیان لەناو پێکهاتەکان دەرچواندووە و ئەوەش کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان هەبووە، دیارە بەم شێواز و فۆرمەی ئێستایەوە نوێنەری کۆتاکان ناتوانن نوێنەری راستەقینەی پێکهاتەکان بن، بەڵکو لەژێر هەیمەنە و هەژموونی حزبە باڵادەستەکاندان.

لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان، لە ١٩٩٢ پێکهاتەکان جێگەیان هەبوو لە پەرلەماندا و ( ٥ ) کورسیان بۆ دیاریکرا، بەپێی بریارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، کە لە ١٩٩٢\٤\٨ دەرچوو (٥) کورسی بۆ مەسیحیەکانی کوردستان تەرخانکرا، کە ٤ ئەندامیان لە لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و ١ ئەندامیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان تەرخانکرا.[٤]

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤دا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی هەموارکردەوە و تیایدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کردە ( ١١١ ) ئەندام کە ١٠٠ ئەندامی ئاسایی پەرلەمان و ١١ ئەندامی کۆتاکان، کە لە دەقی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە ژمارە ٤٧ی ساڵی ٢٠٠٤ی هەموارکراودا هاتووە (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لە سەد و یازدە ئەندام پێکدێت ) .[٥]

بەپێی راگەیەنراوی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان، ئەنجامی دەنگی پێکهاتەکان بەم شێوەیە بوو:

## یەکەم/ هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاکان ٢٠١٤/٤/٣٠

هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٤ تەنها دوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کردووە، هەڵبژاردنی یەکەم لە ٣٠/کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کرا، بە بڕیاری ژمارە (٧١) دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانەکان بەڕێوەچوو، کە لەلایەن پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراقەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٤/٦) دەرکرا، بۆ هەر پارێزگایەکی عێراق ( ٤١ ) کورسی ئەژمارکرا، بەڵام دووەم هەڵبژاردنی  کە لە ٢٠١٤/٤/٣٠ بەرێوەچوو، ژمارەی کورسیەکانی پارێزگاکان گۆڕانکاری بەسەرداهات.

بەپێی سایتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (٢ ملیۆن و ١٥٦ هەزارو ١٨٦) کەسە لەو ژمارەیەش ( ١ ملیۆن و ١٦٨ هەزارو ١٩٩ ) کەس مافی دەنگدانی هەبووە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٢٠١٤/٤/٣٠، بۆ ئەنجومەنی پارێزگای ( ٣٢ ) کورسی بۆ دیاریکراوە لەو ژمارەیە ١ کورسی بۆ کۆتاکانە، سەبارەت بە پارێزگای هەولێریش ژمارەی دانیشتوانەکەی ( ١ ملیۆن و ٧١٣ هەزارو ٤٦١ ) کەسە لەو ژمارەیەش (٩٧٥ هەزارو ٣٢٦ ) کەس مافی دەنگدانی هەیە، پارێزگای هەولێر ئەنجومەنی پارێزگای ( ٣٠ ) کورسی بۆ دیاریکراوە لەو ژمارەیە ٥ کورسی بۆ کۆتاکانە،  هەرچی پارێزگای دهۆکە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ( ١ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار ) کەسەو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە ( ٦٤١ هەزارو ٤٣٦ )  کەسە، پارێزگای دهۆك بۆ ئەنجومەنی پارێزگای ( ٢٨ ) کورسی بۆ دیاریکراوە، لەو ژمارەیە ٣ کورسی بۆ کۆتاکانە.[٩]

## یەکەم/ دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای هەولێر ٢٠٠٥ – ٢٠١٤

سەبارەت بە پارێزگای هەولێر، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر( ٤١ ) کورسی بووە و ( ٦٤٧٩٩٤ ) کەس دەنگیان دابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ ی ئەنجومەنی پارێزگا، ( ٧٥٤٢٣٤ ) کەس دەنگیاندا بۆ دیاریکردنی ( ٢٥ ) کورسی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و ٥ کورسی کۆتا.

لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان، کە لە ( پارتی و شیوعی و ژمارەیەك حیزب) پێکهاتبوو، لە پلەی یەکەمدا بوون، کە ( ٣٤٧٧٧٢ ) دەنگی بەدەستهێنابوو ( ٢٣ ) کورسی ئەنجومەن بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا پارتی دیموکراتی کوردستان ( ٣٧٢٦٠٧ ) دەنگی بەدەستهێنا، لەگەڵ ( ١٢ ) کورسی بەو پێیەش دەنگەکانی زیادیکردووە بە نزیکەی ( ٢٥ هەزار ) دەنگ، بەڵام کورسییەکانی ( ١١ ) کورسی کەمیکرد، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر لە پلەی دووەمدابوو لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە (٢٤٤٣٤٣) و ( ١٦ ) کورسی ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا یەکێتی لە هەولێر ( ١٦٨٦٠٣ ) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ٦ ) کورسی، بەو پێیەش ئاستی دەنگەکانی یەکێتی بە نزیکەی ( ٧٦ هەزار ) دەنگ کەمیکردووە، لەگەڵ ( ١٠ ) کورسیش کەمیکردووە.

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان، لە پارێزگای هەولێر کە بۆیەکەمجار بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا بکات ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا ( ١٠٨١١٧ ) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ٤ ) کورسی ئەنجومەن، بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا درووست نەبوو بوو.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ پلەی سێیەمدا بوو، کە ( ٢٢٥٢٣ ) دەنگی بەدەستهێنابوو و لەگەڵ ( ١ ) کورسی

ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردانی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ دا لە هەولێر (٢٧٧١٣ ) لەگەڵ یەك كورسی، بەو پێیەش یەكگرتوو لە پارێزگای هەولێر نزیكەی ( ٥ هەزار ) دەنگ زیادیكردووە.

كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان، لە هەڵبژاردنی ٣٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ دا ( ١٨٧٨١ ) دەنگی بەدەستهێنابوو لەگەڵ ( ١ ) كورسی ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا لە پارێزگای هەولێر ( ٥٧٩٠٧ ) لەگەڵ ( ٢ ) كورسی، بەو پێیەش كۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر نزیكەی ( ٤٠ هەزار ) دەنگ زیادیكردووە و لەگەڵ یەك كورسی زیادیكردووە.

بەو پێیەش لە پارێزگای هەولێر، پارتی دیموكراتی كوردستان لە پارێزگای هەولێر لە نێوان هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤ بە نزیكەی ( ٢٥ هەزار ) دەنگ زیادیكردووە، بەڵام ( ١١ ) كورسی كەمیكرد، یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بە نزیكەی ( ٧٦ هەزار ) دەنگ كەمیكردووە، لەگەڵ ( ١٠ ) كورسیش كەمیكردووە. یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە پارێزگای هەولێر نزیكەی ( ٥ هەزار ) دەنگ زیادیكردووە و كورسییەكەشی هەروەك خۆیەتی، بەڵام كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان لە پارێزگای هەولێر نزیكەی ( ٤٠ هەزار ) دەنگ و یەك كورسی زیادیكردووە.

## خشتەی ژمارە ٥٣

| هەولێر/ جیاوازی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥ – ٢٠١٤ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ٢٠٠٥ | | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ٢٠١٤ | |
| ژ | لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٤٧٧٧٢ | ٢٣ | ٣٧٢٦٠٧ | ١٢ |
| ٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٤٤٣٤٣ | ١٦ | ١٦٨٦٠٣ | ٦ |
| ٣ | بزووتنەوەی گۆڕان | | | ١٠٨١١٧ | ٤ |
| ٤ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٨٧٨١ | ١ | ٥٧٩٠٧ | ٢ |
| ٥ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢٢٥٢٣ | ١ | ٢٧٧١٣ | ١ |
| ٦ | بەرەی تورکمانی | ٢٣٨٤ | ٠ | ١٩٠٤ | ١ |
| ٧ | لیستی ئەربیلی تورکمانی | | | ١٧٧٠ | ١ |
| ٨ | بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی | | | ١١٢٥ | ١ |
| ٩ | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی | | | ١٦٣٢ | ١ |
| ١٠ | کیان شلاما | | | ١١٩٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٦٤٧٩٩٤ | ٤١ | ٧٥٤٢٣٤ | ٣٠ |

### دووەم/ دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای سلێمانی ٢٠٠٥ – ٢٠١٤

لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کە (٧٣٦٧٣٤ ) کەس دەنگیان دابوو، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پلەی یەکەمدا بوو، کە ( ٤٨٥٧١٨ ) دەنگی بەدەستهێنابوو لەگەڵ (٢٨) کورسی ئەنجومەن لەکۆی ٤١ کورسی، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ کە ( ٩٠٦٦٤٤ ) کەس دەنگی داوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ( ٣١٨٢٢٣ ) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ١١ ) کورسی، بەو پێیەش نزیکەی ( ١٦٧٠٠٠ ) دەنگ کەمیکردووە و لەگەڵ ( ١٧ ) کورسی، کە ئەو کات بەزۆرینەی رەها لە پلەی یەکەمدابووە و زۆرینەی دەنگ و کورسی مسۆگەر کردووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤، لە رووی دەنگ و کورسی و پلەشەوە کەمیکردووە.

هەچی بزووتنەوەی گۆڕانە، لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ درووست نەبووە و لە یەکەم بەشداریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت و (٣٥٩٦٠٠) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ١٢ ) کورسی.

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ دا لە پارێزگای سلێمانی لە پلەی دووەدابوو بە ( ٩١٥٧٨ ) و ( ٥ ) کورسی ئەنجومەنی مسۆگەرکردووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ دا لە پارێزگای سلێمانی ( ٨٦٦٦٥ ) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ٣ ) کورسی ئەنجومەن، واتا پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ( ٥ هەزار ) دەنگ کەمیکردووە و ( ٢ ) کورسی ئەنجومەنیش دابەزیوە، لە پلەی دووەمدا بووە، ئێستا بووە بە پلەی سێیەم.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە لە پلەی سێیەمدا بوو لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ کە ( ٧٥٠٠٨ ) دەنگی بەدەستهێنابوو و( ٥ ) کورسی ئەنجومەنی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا (٦٦٠٩٧ ) دەنگی

بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ٢ ) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا، بۆیە یەکگرتوو لەرووی دەنگەوە نزیکەی ( ٩ هەزار ) دەنگ کەمیکردووە، لەگەڵ ( ٣ ) کورسی کەمیکردووە و لە پلەی سێیەمەوە بووە بە پلە چوار، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ( ٥٣٠٨٨ ) دەنگی بەدەستهێنابوو بەرێژەی و ( ٣ ) کورسی ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ لە پارێزگای سلێمانی (٥٥٤٥٧) دەنگی بەدەستهێناوە، زیاتر لە ( ٢ هەزار ) دەنگ زیادی کردووە، بەڵام کورسییەکانی یەك کورسی کەمیکردووە.

لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ لە پارێزگای سلێمانی ( ١٠٥١٢ ) دەنگی بەدەستهێنابوو لەگەڵ ( ١ ) کورسی ئەنجومەن لە ( سۆسیالیست و شیوعی و زەحمەتکێشان ) پێکهاتوون، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کە بە لیستی جیا بەشداربوون شیوعی ( ٨١٩٢ ) دەنگی بەدەستهێنابوو، سۆسیالیست ( ٧٠١٨ ) دەنگی بەدەستهێنابوو، زەحمەتکێشان ( ٥٤١٧ ) دەنگی هێنابوو هەرسێکیان پێکەوە (٢٠٦٢٧ ) دەنگیان بەدەستهێنابوو، واتا نزیکەی ( ١٠ هەزار ) دەنگ کەمیان کردووە، بەڵام ئەوکات کورسییان بەدەست نەهێنابوو.

بەوپێیەش، لە نێوان هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نزیکەی ( ١٦٧٠٠٠ ) دەنگ کەمیکردووە و لەگەڵ ( ١٧ ) کورسی کەمیکردووە، لە پلەی کەمەوە بۆ پلەی دووەم دابەزیوە، هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە ( ٥ هەزار ) دەنگ کەمیکردووە و ( ٢ ) کورسی ئەنجومەنیش دابەزیوە، لە پلەی دووەمەوە بۆ پلەی سێیەم دابەزیوە. هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە نزیکەی ( ٩ هەزار ) دەنگ کەمیکردووە، لەگەڵ ( ٣ ) کورسی کەمیکردووە و لە پلەی سێیەمەوە بووە بە پلە چوار. سەبارەت بە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش زیاتر لە ( ٢ هەزار ) دەنگ زیادیکردووە، بەڵام یەك کورسی کەمیکردووە.

**سێیەم/ دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای دهۆك ٢٠٠٥ – ٢٠١٤**

لە پارێزگای دهۆك، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ کورسییەکانی ( ٤١ ) کورسی بووە و ( ٣٨٣٢٦٥ ) کەس دەنگیان دابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ دا ( ٥٠٠١٦١ ) کەس دەنگیدا ژمارەی کورسیەکانیشی ٢٨ کورسی بوو، کە ٣ کورسیان کۆتایە، لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەمدا بوو، کە ( ٣٠٢١٣٣ ) دەنگی بەدەستهێنابوو، لەگەڵ ( ٣٣ ) کورسی ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا ( ٣٥٧٢٩٢ ) دەنگی بەدەستهێنابوو، لەگەڵ ( ١٩ ) کورسی، بەو پێیەش دەنگەکانی لە نێوان هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤ نزیکەی ( ٥٥ هەزار ) زیادیکردووە و کورسیەکانیشی ( ١٤ ) کورسی کەمیکردووە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ لە پلەی دووەمدا بوو، کە (٣٥٦٧٥) دەنگی (٤) کورسی ئەنجومەن و لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پلەی سێیەمدابوو بە (٣٥٤٨٣) و ( ٤ ) کورسی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤دا یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆك (٦٢١٦٢) دەنگی بەدەستهێناوە لەگەڵ ( ٣ ) کورسی، بەو پێیەش یەکگرتوو دەنگەکانی بە نزیکەی ( ٣٣هەزار ) دەنگ زیادیکردووە، بەڵام یەك کورسی کەمیکردووە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ لە پلەی سێیەمدا بوو، کە ( ٣٥٤٨٣ ) دەنگی ( ٤ ) کورسی ئەنجومەنی هەبووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیساندا یەکێتی لە پارێزگای دهۆك (٤٠٧٩٦) لەگەڵ ( ٢ ) کورسی ئەنجومەنی بەدەستهێناوە، بەو پێیەش دەنگەکانی یەکێتی بە نزیکەی ( ٥ هەزار ) دەنگ زیادیکردووە و ( ٢ ) کورسی کەمیکردووە.

**بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان، کە بەتەنها لە هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ بەشداریکردووە، ( ٢٢٨٥٥ ) دەنگی هێناوە لەگەڵ ( ١ ) کورسی ئەنجومەن.**

**بەو پێیەش لە نێوان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤ پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆك نزیکەی ( ٥٥ هەزار ) زیادیکردووە و کورسیەکانیشی ( ١٤ ) کورسی کەمیکردووە. بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بە نزیکەی ( ٣٣هەزار ) دەنگ زیادیکردووە، بەڵام یەك کورسی کەمیکردووە. سەبارەت بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە نزیکەی ( ٥ هەزار ) دەنگ زیادیکردووە و ( ٢ ) کورسی کەمیکردووە.**

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری لیست و قەوارە بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد لەو پارێزگایانە، بەڵام تەنها تەنها (٥) لیست دەنگی کورسی مسۆگەرکرد، بۆیە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن تەنها دەنگی ئەوانی ئەژمارکردووە، کە کورسیان هێناوە، لە تێکڕای ئەوانەی دەنگیاندا هەبوو لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (٢١٢٨١٦٧) کەس دەنگیداوە، بەڵام (٢٠٥٥٠٠٣ ) دەنگی گشتیی ئەو هێزانەی کورسییان بەدەستهێناوە، کە (١٨٥٣٩٠٥) بەو پێیە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (٧٥٣٠١٤) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٣٥٪) و بزووتنەوەی گۆڕان (٤٧٢٥٠٣) بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٢٪)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٤٩٦٥٣٦) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٣٪)، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش (١٩٢١٧٩) دەنگ بەڕێژەی (٩٪)و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش (١٤٠٧٧١) دەنگ بەڕێژەی (٧٪).

### ا- پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤/٤/٣٠، کە هەر پارێزگایە و ژمارەی کورسی دیاریکراوی خۆی هەبوو، لە پارێزگای هەولێر کە ١٥ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دیاریکراوە (٩٣٦٥٥٧) هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبووە و (٧٤٤٤٨٩) هاوڵاتیش دەنگیانداوە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان توانی (٣٥٤٧٣٥) دەنگ بەدەست بهێنێت بەرێژەی (٤٨٪ ) و (٧) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (١٦٨٦٨٨) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٣٪) کە ( ٤ ) کورسی بەدەستێنا، لیستی گۆڕان توانی (١٠٤٠٥٩) دەنگ بەدەستبهێنێت بەڕێژەی (١٤٪) و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (٨٠٤٩٢) دەنگ بەڕێژەی (١١٪) و توانی (٢) کورسی بەدەستبهێنێت، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی (٢٦٣٢٣) دەنگ و بەڕێژەی (٤٪)، بەڵام هیچ کورسییەکی لە پارێزگای هەولێر مسۆگەر نەکرد.[١٥]

### ب- پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤

لە پارێزگای سلێمانی، کە (١١٦٨٤٥٩) کەس مافی دەنگدانی هەبووە و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤/٤/٣٠ کە (٨٩٣٢٢٦ ) کەس دەنگیانداوە، بەرێژەی ( ٧٦٪ ) و ١٨ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دیاریکراوە، لیستی گۆڕان توانی (٣٤٧٧٩٩) دەنگ بەدەستبهێنێت بەڕێژەی (٣٩٪) و (٧) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٢٩٤٢٦٥) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٣٣٪) کە ( ٦ ) کورسی بەدەستهێنا، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان توانی (٩٣٤١٠) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەرێژەی (١٠٪ ) و (٢) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی (٨١٣٩٢) دەنگ و بەڕێژەی (٩٪) و ( ٢ ) کورسی مسۆگەرکرد، لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (٥٧١٠٢) دەنگ بەڕێژەی (٦٪) توانی (١) کورسی بەدەستبهێنێت.[١٦]

**خشتەی ژمارە ٦٠**

| پارێزگای سلێمانی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | رێژەی دەنگ | کورسی |
| ١ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٣٤٧٧٩٩ | ٣٩٪ | ٧ |
| ٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٩٤٢٦٥ | ٣٣٪ | ٦ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٩٣٤١٠ | ١٠٪ | ٢ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨١٣٩٢ | ٩٪ | ٢ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی | ٥٧١٠٢ | ٦٪ | ١ |
| | مافی دەنگدان | دەنگدەران | | ١٨ |
| | ١١٦٨٤٥٩ | ٨٩٣٢٢٦ | | |

### ج- پارێزگای دهۆك له هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤

له پارێزگای دهۆك، كه ١١ كورسی پەرلەمانی بەردەكەوێت و (٦١٢٠٦٦) مافی دەنگدانی هەبوو، (٤٩٠٤٥٢) هاوڵاتی دەنگیاندا، بەرێژەی ( ٨٠٪ )، لیستی پارتی دیموكراتی كوردستانی (٣٠٤٨٦٩) دەنگی بەدەستهێناوە، بەرێژەی ( ٦٢٪) توانی (٨) كورسی پەرلەمانی مسۆگەر بكات، یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان (٨٤٤٦٤) دەنگی بەدەستهێنا، بەڕێژەی (١٧٪ ) و بەدەستهێنانی (٢) كورسی، یەكێتی نیشتیمانی كوردستان (٣٣٥٨٣) دەنگی بەدەستهێنا، بەرێژی ( ٧) و ( ١ ) كورسی بەدەستهێنا، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان (٢٠٦٤٥) دەنگ و بەرێژەی ( ٤٪) هیچ كورسییەكی بەدەستنەهێناوە و كۆمەڵی ئیسلامی ( ٣١٧٧) دەنگی بەدەستهێنا، بەرێژەی ( ١٪) و هیچ كورسییەكی بەدەست نەهێناوە. ١٧

**خشتەی ژمارە ٦١**

| پارێزگای دهۆك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | رێژەی دەنگ | كورسی |
| ١ | پارتی دیموكراتی كوردستان | ٣٤٠٩٧٧ | ٪٦٢ | ٨ |
| ٢ | یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان | ٨٤٤٦٤ | ٪١٧ | ٢ |
| ٣ | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان | ٣٧٤٥٧ | ٪٧ | ١ |
| ٤ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٢٠٦٤٥ | ٪٤ | ٠ |
| ٥ | كۆمەڵی ئیسلامی | ٣١٧٧ | ٪١ | ٠ |
| | مافی دەنگدان | دەنگدەران | | ١١ |
| | ٦١٢٠٦٦ | ٤٩٠٤٥٢ | | |

**پێنجەم/ ساختەکاریی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٤**

زۆرێك لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، بۆتە هۆی جێگەی گومانی چاودێران و بەشێك لەلایەنە سیاسییەکان، لە ٢٠١٤/٤/٣٠دا، هەرێمی کوردستان و عێراق دوو هەڵبژاردنی بەخۆوە بینی، ئەوانیش( هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان) زۆرترین گومان و نیگەرانی بەشێك لەلایەن لە تەزویر و ساختەکاری بوو لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

ئەو گومانانە بەتایبەتی لە شوێنی کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی دەنگەکان بوو لە ( ئەلبیسەکەی ) شاری سلێمانی بوو، هەریەك لە ( بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لە شاری سلێمانی لە ٢٠١٤/٤/٣ دا، ڕاگەیەنراوێکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە، لەسەر مەترسیی ساختەکاری لە هەڵبژاردن، لە ڕاگەیەنراوەکەیاندا، داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن، وشیارانە مامەڵە بکەن و ڕێگربن لە دەستتێوەردانی هەندێ لایەنی حیزبی و سەربازی کە لێرەولەوێ لە دەوروبەری بنکەکانی دەنگداندا لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن کار دەکەن و لە هەوڵدان بۆ ساختەکردن.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: "هەوڵێکێك لە ئارادایە بۆ ساختەکردن، کە لە چەندین شوێن ڕێی لێگیراوە، داواکارین لە بریکارەکانمان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان، چاودێرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵیان هەبێت لە چاودێریکردنی پرۆسەکە بە گشتی و بە تایبەتی لە کاتی ژماردنی دەنگەکان و گواستنەوەیان بۆ بنکەکانی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد".

لە ڕاگەیەنراوەکەدا، چوار لایەنەکە هۆشداری دەدەن، "بۆ هەموو ئەوانەی کە ساختەکاری دەکەن، یان بەشداریی تێدا دەکەن، یان ئاسانکاریی بۆ دەکەن و هەموو

لەسەر هەڵبژاردنەکانی (٣٠ی نیسان) بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت، "چەندین پێشێلکاری ئەنجامدراوە".[٣١]

بەرپرسی رێکخراوی ئەجیالی سەلامی چاودێری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە:"رێکخراوەکەمان ٧ هەزار و ٣٦ حاڵەتی دەنگدانی بەکۆمەڵی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکردووە، جگە لە ٩٣٦ حاڵەتی لەکارکەوتنی ئامێری خوێندنەوەی کارتی ئەلیکترۆنی و پەنجە مۆر و ٣٧ حاڵەتی توندوتیژی پەیوەست بە هەڵبژاردنەوە".[٣٢]

ئەمە سەرەڕای پێشێلکاری و ساختەکاری زۆر لە دەنگدانی تایبەتدا کراوە، بەوپێیەی زۆرینەی هێزە ئەمنیەکان بەسەر حیزبە باڵادەستەکاندا دابەشبوون، چاودێرانی هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنن، کە هەوڵی سەرپێچی و "ساختەکاری" لە هەولێر و دهۆك زۆر رێکخراوە و ئەگەر وا بڕوات گومانیان هەیە لە کاتژمێرەکانی کۆتایی دەنگداندا سەرپێچییەکان روو لەزیادبوون بکات، رێکخراوی تەمووز، کە یەکێکە لەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی چاودێری هەڵبژاردن دەکات، لە ڕاپۆرتی یەکەمی خۆیدا لە نیوەڕۆی ٢٠١٤/٤/٣٠ بڵاویکردۆتەوە:" بێسەروبەرەیی هەیە لەدەنگدانی تایبەت لە هەولێر، ئامێری خوێندنەوەی کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدان زیاد لەجارێك وەستاوە".[٣٣]

## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم


١- خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، سایتی پەرلەمانی کوردستان /
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=xol٤

٢- هەڵبژاردنی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، سایتی ویکیپیدیا/
https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%DA%BE%DB٪٩٥٪DA%B٪٥D٪٨A٪٨DA٪٩٨٪D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٪٨AF%D٪٨٦٪٩DB٨٪C_%D٪٩A٪٢D٪٩A٪٠D٪٩A٪١D٪٩A٪٣DB٨٪C_%D٪٩BE%DB٪٩٥٪D٪٨B٪١D٪٨٤٪٩DB٪٩٥٪D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩DB٨٪C_%DA%A٪٩D٪٨٨٪٩D٪٨B٪١D٪٨AF%D٪٨B٪٣D٪٨AA%D٪٨A٪٧D٨٦٪٩

٣- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٩ی ئایار ١٩٩٢، بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، .

٤- خولی یەکەم، سایتی پەرلەمانی کوردستان /
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History١٩٩٢

٥- دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان/
http://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/٢٥٠٢٠٨٠٩٥٣٤٧.pdf

٦- رۆد هۆق، میخێل لیزینبیرک، پیتر موولر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، ١٩ی مایسی ١٩٩٢، ئەزمونێکی دیموکراسیانە، و. سەفوەت رەشید، لا ٧٦ .

٧- مێژووی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان ٢٠٠٩، سایتی پەرلەمانی کوردستان/

٣٠- گۆڕان بەڵگەی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن ئاشکرادەکات، سایتی رووداو ٢٠١٤/٦/٢ /

http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/٠٢٠٦٢٠١٤١

٣١- تۆڕی سپی: چەندین پێشێلکاری ئەنجامدراوە، سایتی لڤین ٢٠١٤/٥/١ /
http://lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=٣١٦٩&Jor=١

٣٢- پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنەکان بە داتا، سایتی روداو ٢٠١٤/٥/٨ /
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/٠٨٠٥٢٠١٤٢

٣٣- لەهەولێرو دهۆك چەندین خروقات تۆمارکراون، سایتی شارپرێس ٢٠١٤/٤/٢٨ /

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=١٥٢٢٦

٣٤- المحامي ودود فوزي شمس الدين، جريمة تزوير المحررات الرسمية واثار الاعفاء منها /

http://www.iraqihrcenter.org/readNews.php?id=١٤٦

٣٥- المحامي ودود فوزي شمس الدين، هەمان سەرچاوە.

# نتائج انتخابات الاقلية الاشورية للمجلس الوطني الكوردستاني

| المنطقة الانتخابية | الحركة الديمقراطية الاشورية | الديمقراطية المسيحية | كلدو اشور الديمقراطي | مسيحي كوردستان الموحدة | عدد البطاقات الباطلة |
|---|---|---|---|---|---|
| الاولى- اربيل | ٩٠٠ | ٣٤٧ | ١٨٥٥ | ٨٨٠ | ٢٩ |
| الثانية- السليمانية | ٨٣ | ٩ | ٣٨ | ٣٦ | -- |
| الثالثة- دهوك | ٥٥٦٠ | ١٨١ | ٢٤١ | ١٨٤١ | ٥٩ |
| المجموع | ٦٥٤٣ | ٥٣٧ | ٢١٣٤ | ٢٧٥٧ | ٨٨ |

**عدد البطاقات الصحيحة = ١١٩٧١**
**عددالبطاقات الباطلة = ٨٨**
**عدد المصوتين = ١٢٠٥٩**

# نتائج انتخابات الاقلية الاشورية للمجلس الوطني الكوردستاني

| المنطقة الانتخابية | الحركة الديمقراطية الاشورية | الديمقراطية المسيحية | كلدو اشور الديمقراطي | مسيحي كوردستان الموحدة | عدد البطاقات الباطلة |
|---|---|---|---|---|---|
| الاولى- اربيل | ٩٠٠ | ٣٤٧ | ١٨٥٥ | ٨٨٠ | ٢٩ |
| الثانية- السليمانية | ٨٣ | ٩ | ٣٨ | ٣٦ | -- |
| الثالثة- دهوك | ٥٥٦٠ | ١٨١ | ٢٤١ | ١٨٤١ | ٥٩ |
| المجموع | ٦٥٤٣ | ٥٣٧ | ٢١٣٤ | ٢٧٥٧ | ٨٨ |

**عدد البطاقات الصحيحة = ١١٩٧١**
**عددالبطاقات الباطلة = ٨٨**
**عدد المصوتين = ١٢٠٥٩**

